# پشت ئاشان
## کاتێ جەنگی ناوخۆ دەبێتە بابەتی ڕۆمان !
### لێدوانی: محەمەدفەریق حەسەن

لەکوردستانی باشووردا، کەسێکی وا گومان نابەم بەرلە من، جەنگی ناوخۆی خۆمانی کردبێتە بابەتی چیرۆک (بڕوانە چیرۆکی: زامەکان سارێژ دەبن، نووسینی: پشتیوان، گۆڤاری گزنگ، ژمارە4 ساڵی1985، کە لەچیا نووسەرانی کەرکووک دەریاندەکرد. دەکرێ بۆ هەمان چیرۆک بڕوانیتە کۆمەڵە چیرۆکی: دووربین، ستۆکهۆڵم،1992). ئەوەش لەولاوە بوەستێ، کە لەساڵی1994 دا، کاتێ جەنگی ناوخۆ هەڵگیرسا. لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی نووسەر و هونەرمەندانی شاری سلێمانیدا،کەلە هۆڵی ڕۆشنبیریی گرێدرا، بەندەش وەک ئەندامێکی(کۆمیتەی ڕۆشنبیرانی ئاشتیخواز) لەلایەن ئەو جەماوەرە ڕووناکبیرەوە هەڵبژێردرام، کە ئەرکی ناوبژیوانی لە جەنگی ناوخۆی تازە هەڵگیرساودا لەئەستۆ گرتبوو. تەمووزی هەمان ساڵ، لە کۆبوونەوەیەکی بەرفراواندا، کەلە باخی گشتیی شاری هەڵەبجە کۆمیتەکەمان سازیدا و نزیکەی شەش سەد کەسیک لە خەڵکی ئەو شارە ئامادەی بوون. بەندە کۆڕەکەم بەڕێوە دەبرد. لەسەر ئەو ڕایانەی بەدرێژایی کۆڕەکە لەمەڕ جەنگی ناوخۆ دەرمبڕین؛ ئەگەر پێشمەرگەی ڕێزدار (تۆفیقی ڕەعنا) نەبووایە ئەوا مەسوولێکی سەربازیی تەنیا بەزامداریی وازی لێنەدەهێنام و بەبەرچاوی ئەندامانی کۆمیتەکەمان و ئەو سەدان کەسەوە دەیکوشتم. ئەمە جگەلە ڕۆمانی(کەسێ لازۆی دیبێ،2004)، کە لەجەنگی ناوخۆوە سرووش وەردەگرێ.. من ئەم شێرەو ڕێوییەم تەنیا لەبەر ئەوە هێنایەوە، نەبادا کەسێ لەڕووی بێئاگایی و بەدحاڵیبوونەوە، ئەم نووسینەم خراپ لێکبداتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا من لێرەدا لەڕۆمانێک دەدوێم تاجەنگەکە و هۆکارو ئاکامەکانی.. ئەگەرچی پێموایە چەند بابەتێک هەن، پێویستە لەسەر ئەو نووسەر و کەسانەی بەتەنگ ئایندەی میللەتەکەیانەوەن، بێئەوەی کاتشوێن ڕەچاوبگرن، بەردەوام لەبارەیانەوە بدوێن و بنووسن، بێ گوێدانە پاساوی: (جارێ کاتی نەهاتووە. یان ناحەز سوودی لێدەبینێ). چونکە بۆ ئەوەی هەر دیاردەیەکی دزێو، یان هەر دەردێکی کۆمەڵایەتی بنبڕبکەی و نەهێڵی درێژەبکێشێ و دووبارەببێتەوە گەرەکە بەردەوام، گەنمگردی دایبگریتەوەو لەهەموو شوێنێکدا باسی بکەی و لەسەری بنووسی. ئەو دیاردانەیش بریتین لە: جەنگی ناوخۆ، فایلڕەشی و جاشایەتی، ئەنفال، کیمیابارانی هەڵەبجە و بێسەروشوێن کردنی هەشت هەزار بارزانی، لەگەڵ دیاردەی گەندەڵی.. پێموایە گەنگەشە و گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتانە دەبێ درێژە بکێشێ و هەموو ڕۆژێ لە هەموو شوێنێکدا باس بکرێن، تائەو ڕۆژەی ئەم دیاردە دزێوانە (کە ڕەنگە هەندێکیان لەدیارەیش تێیانپەڕاندبێ و بووبێتنە پەتاگەلێکی درێژخایەنی وەک قیرو بنێشت بەمێژووی کوردەوە لکاو)، ئاسەواریان نامێنێ.. لەم

نووسینەدا لەناو دەقەکەوە دەدوێم و کەمتر بەلای جەنگەکە و هۆو ئاکامەکانیدا دەچم. زیاتر ڕۆشنایی دەخەمە سەر ئەو لایەنەی: داخۆ ئەم ڕۆمانە چۆن بۆکورد دەڕوانێ؟

ئاداری ساڵی 1991 دا، لەلایەن(عامر حسین) ەوە ڕۆمانێکی عارەبی (350) لاپەڕەیی بەناوی (خلف الطواحین) ەوە، کە بەکوردییەکەی دەکاتە (پشت ئاشان)، هاتۆتە چاپکردن. ناوی چاپخانەو شوێنی وەشانی لەسەرنییە. ئەوەندە هەیە نووسەرەکەی عارەبی عیراقەو نهۆ لەوڵاتی دانیمارک دەژی. دیارە هەرکاتێکیش ناوی (پشت ئاشان) دێ، تۆ وەک کوردێک یەکسەر موچوڕکێک بەگیانتا دێت و جەنگی ناوخۆت بیردێتەوە،کە لەکورتترین پێناسەیدا: کوردقڕانە بەدەستی کورد خۆی!!.. نووسەری ڕۆمانەکە خۆی یەکێک بووە لەبەشدارانی ئەو جەنگە و قەدەر، یان بابڵێین ڕێکەوت وای هێناوە لەو دۆژە سەرسەلامەت دەرچێ.. جا چونکە ڕۆمانەکە بە عارەبییە و خوێنەری عارەب لە مانای( پشت ئاشان) حاڵی نابێ، هاتووە ڕێک وشە بەرامبەر وشە، وەریگێڕاوەتە سەر عارەبی و کردوویەتی بە (خلف الطواحین). دەنا بەدرێژایی رۆمانەکە، گوندو ناوچەکە،(ناو بەناوێ نەبێ)هەربە پشت ئاشانە کوردییەکە نێودەبات. ئەوەندە هەیە عارەبی وەک زمانێکی:نەکارە، ناکارا، نەکردە، واتە: (قاصر)، پیتی( پ)ی نییەو بەناچاری (ب)ی لەبریی بەکار هێناوە و بەم پێیە ناوی گوند و ناوچەکە بۆتە (بشت آشان)..

لێرەدا لەسەر تەکنیکی ڕۆمانەکە شتێکی ئەوتۆ ناڵێم؛ ئەگەرچی ڕۆمانی نوێ بریتییە لە نواندنی هونەری زمان و تەکنیکی گێڕانەوەی فرەدەنگ و شانبەشان، سوودبینین لە هونەرەکانی دیکە و ڕێگومکێ و... هتد. ئەوندە هەیە دەکرێ لەخانەی ڕۆمانی(تۆماری، تسجیلي)دا، پۆلێنی بکەین؛ چونکە ڕووداوەکان وەک خۆیان چۆن ڕوویانداوە و بینیونی و بیستوونی، ئاوەها دەیانگێڕێتەوە و کەمتر بەلای خەیاڵ و فەنتازیا و هونەرە زۆرو زەبەندەکانی دیکەی ڕۆماندا دەمانبات. ئەگەرچی ڕووداوەکان ئەوەندە دڵتەزێن و کارەساتبارن، هەر زوو باڵ بەسەر ئەندێشەی خوێنەردا دەکێشن و دەیخەنە ژێر هەژموونی خۆیانەوە. لەمەراق و چاوەڕوانیدا دەیهێڵنەوە و ناچاری دەکەن هەرچی زووە و بێوەستان ڕۆمانەکە بیخوێنێتەوە و بکەوێتە پەیجۆڕی ئەنجامەکانی.

بەڵام نووسەر زێتر لەشێوەی کۆرنۆلۆژیادا بەسەرهاتەکانی پشت ئاشانمان بۆ ڕیزدەکات و دەیانگێڕێتەوە. شتێکی ئەوتۆش لەواقیع لانادا. تەنانەت هاتووە لەپەراوێزدا بەڕۆژ و مانگ و ساڵ مێژووی ڕوودانی شەبەیخوونەکەی کەرتی ڕۆستی یاداشت کردووە، کەدەکاتە ڕۆژی دروست بوونی حیزبەکەی. مەگەر هاتبێ شتێ لەناوی پاڵەوانە ڕاستقینەکانی گۆڕیبێ؛ ئەویش ڕۆڵێکی ئەوتۆ لە شاردنەوەیاندا ناگێڕێ. چونکە بەهۆی پلەوپایەو ناوی حیزبی و خدە و ئاکار و تایبەتمەندییەکانیانەوە، کە نووسەر بەوردی ڕوونیکردوونەتەوە، بەئاسانی کەرەکتەرەکان دەناسرێنەوە. وەک (ئەبو شامیل)ی بەرپرسی مەکتەبی سەربازیی، ئەو کادیرەی، گوایە زۆر بەدەست پاک باسیان دەکرد.. (مەلا)ی فەرماندەی بەتالیۆنی پاراستنی بیرۆی سیاسی، کەزۆر باس لەلایەنە نەرێنییە نائاساییەکانی دەکرێ و

هەر چۆنێ بێ، دووکەڵ بەبێ ئاگر نابێ.. یان کادیرە بەرگ سپییەکە، کە هەردەم خاوێن و باوێنە و جووتێ چەکمەی سووری مل درێژی لەپێیە و هەندێ جاران بە (ئەبو سارە) ناوی دێ.. یان (ئەبوحەلیم)ی ئەندامی بیرۆی سیاسی، بەتەمەنی سەروسیما ساکاری خاکی.. یان (ئەبوئەحمەد)، کەسەری سپییەو ڕواڵەتێکی گەنجانەی هەیە. یان (ئەلشێخ)، کە ئەندامی بیرۆی سیاسییەو  لە بیرۆی سەربازیش ڕاوێژکاری سیاسییە. هەروەها وەک پۆلێن، دەکرێ ئەم ڕۆمانە لە خانەی ڕیالیزمی فۆتۆگرافیشدا جێبکەینەوە. بەبۆچوونی من ئەوە ڕاپۆرتی ڕۆژنامە و مێژووە، کەتاڕادەیاک بەم شێوەیە دەنووسرێن، نەک چیرۆک و ڕۆمان. بەندە لەهەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا چوومەتەوە بەگژ ئەو بۆچوونەدا کەدەڵێ:گوایە ئەدەب ئاوێنەی واقیعە ، یان نووسەرو هونەرمەند شاهیدی سەردەمن و ئەم ڕایەم ڕەتکردۆتەوە.* نووسەر ئەم وتەیەی کردۆتە دەروازەیەک بۆ چوونە نێو ڕۆمانەکەیەوە: (کۆمۆنیزم نان و ئازادییە، دەنا باوەڵبێ بۆ دۆژ..!) ئیدی تۆ وەک خوێنەرێک دەزانی لەکام دیدو گۆشەنیگای فەلسەفییەوە بۆ دنیا دەڕوانێ. سەیرە، مێژوو لەهیچ شوێنێکی دنیادا وەک کوردستان بەردەوام خۆی پاتەنەکردۆتەوە. ئەوەتا دیسانەوە مێژووی ناکۆکییەکانمان، جەنگی ناوخۆمان،(یان وەک هەندێ کەس، بە براکوژی ناودێری دەکەن)،دەستووری سەدەکانی ڕابردوو، لەلایەن بیانییەوە تۆمار دەکرێ. وەک لەسەرەتاوە ئاماژەم پێدا ڕۆمانەکە دەچێتە خانەی ڕیالیزمەوە. جێی ڕامان و لەسەر ڕاوەستانە، ژمارەیەک نووسەری کورد، ساڵانێکی تەمەنیان لەچیا، لەتەک پێشمەرگە و نێو جووتیاراندا بەسەربردووە و ئەوانیش چیرۆکی واقیعییان نووسیوە. تۆ لەوەی گەڕێ هەندێکیان فێری کوردی نەبوون ، کەسیشیان نەیانتوانیوە جەنگ، ژیان و مەرگ و گوزەرانی پێشمەرگە و گوند نشینانیی کورد وەک ئەم ڕۆماننووسە عارەبە بەقووڵی بەرجەستەبکەن!.. عامر حسین، بۆ ئەوەی کارەکەی واقیعی بنوێنێ، هاتووە چەندین ڕستەو دەستەواژەی ڕۆژانەی لەسەر زاری پێشمەرگەکانەوە، بەزمانێکی تێکەڵ لەعارەبی و کوردی و بەڕێنووسی عارەبی گواستۆتەوە نێو کارەکەی، کە دەکرێ لەڕێیانەوە، بە هەندێ لایەن و تایبەتمەندیی ژیانی پێشمەرگەمان ئاشنابکا، وەک:(باعتقادي ان حملە بدون کرتان وحبال لا یمکن ان یثبت ویقاوم.. بە خودەي امن طاقەتم نیا هاوري.. تعال کاکە.. آو نیا هاوري.. اي هاوار!!.. شمرة العصا عند العربي مثل البنج دقة عند الکردي.. این تقع الفرشکاە؟.. الباکردان.. وضع باش نیا.. همو انسحاب.. واما في الدشت.. نان هیا؟.. یاخوا بخیر بین.. تصوروا رجلا آلیا یلف الجمداني علی راسە و یطوق بطنە بعشرة امتار من البشتین... هتد).

لەم ڕۆمانەدا کەرتی ڕۆستی هێزێکی دەست وەشێنە و بە هێزی دەست تێوەردانی خێرا (قوة التدخل السریع)ناوبانگی ڕۆیشتووە. لەم چالاکییەدا، کەرتی ڕۆستی، پێگەیەکی زۆر عاسیی ڕژێم،کە بە لوتکەیەکی ئەستەمەوە هەڵکەوتووە، لەساڵانی حەفتاکانەوە بێباکانە ناوچەکەی خستۆتە ژێر چاوەدێری وردەوەو تەقە لەکاروانەکانی پێشمەرگە دەکا و بەکەس نەگیراوە، دەکاتە ئامانج و  دەیگرن. بە دەستکەوتی زۆر و بە شەهیدێکەوە دەگەڕێنەوە گوند. لەگوند دەبنە جێی ستایش و سەرسووڕمانی

جووتیار و گشت لایەنەکانیش. لە کۆتایی ڕۆمانەکەیشدا، کە سەرەتای مانگی ئایاری هەمان ساڵە، بارەگا سەرەکییەکانی هەمان حیزب، کە زۆر لەمێژ نییە لەناوزەنگەوە گواستوویانەتەوە بۆ پشت ئاشان، دەکەونە بەر هێرشی بەربڵاو و نابەرامبەری (الاخوة الاعداء - برا دوژمنەکان). لەزنجیرەیەک هێرشدا بارەگاکانیان لێ وێران دەکرێن و هێزەکانیان تێکدەشکێن و زەبرێکی کوشندەیان بەردەکەوێ. پاشماوەی هێزی شکست خواردوویان، ئەو جەنگاوەرانەیان، کەتوانیویانە سەردەرکەن، بەنێو کلیلەی بەفری قەندیلدا دەکشێنەوە وڵاتی ئێران.. لە ڕۆمانەکەدا ناکۆکیی نێوان سەرکردایەتی حیزب و ئەندامانی بەڕوونی دیارە. بەڕادەک، سەرکردایەتی لەشیوێک و جەنگاوەران لەشیوێکی دیکەن. جەنگاوەران هۆی تێکشکانەکە دەدەنە پاڵ سەرکردایەتی خۆیان چونکە نەیانتوانیوە پێشبینی ئەم شاڵاوە بەهێزو لەناکاوە بکەن و هەمیشە لەبەرامبەر دوژمندا نەرمییان نواندووە و بەردەوام سیاسەتی(عفا الله عما سلف) واتە: (ئەوەی چوو، چوو.)یان لەگەڵیاندا بەکارهێناوە و هەڵبژاردنی کۆمیتەکانی حیزب نادیموکراسی بەڕێوەچوون و گەلێ هۆی دیکە. وەلێ سەرکردەیەکی حیزب، کە لەئاستێکی بەرزدایە هۆی ئەو تێکشکانە جەرگبڕە دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی حیزب جەماوەرەکەی جارانی لەدەست داوە. ئەم دیاردەیاش لەو سۆنگەیەوە سەرچاوە دەگرێ، گوایە پێشمەرگەکانی حیزب سەگیان لەبارەگاکانی خۆیاندا ڕاگرتووە و دەستیان بەسەری سەگەکانیشدا هێناوە. ئەمەش کارێکی وەهای کردووە جووتیار لێیان بتەکنەوە. هەر بۆیە دوای ماوەیەکی کورت لەو تێکشکانە، نووسینگەی سەربازی بەتۆمەتی (گەڕیی) بڕیاری گوللەبارانکردنی دوو سەگ و چوار گوجیلە دەردەکا. ڕەحمان، کەپاڵەوانێکی سەرەکی ڕۆمانەکەیەو لەسەرەتای ڕووداوەکانەوە لەگەڵدایەو لەگرتنی پێگەکەی دوژمندا چاوی بەردەکەوێ کەسێکی سەرڕاست و دڵسۆزی حیزبە و ئەوەندە لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیدا هەتەر و ئامادەباشە، ناخۆشی کردووە. ئەگەرچی گەلێک ڕای ناکۆک و دژ بەیەک لەسەر کەسێتیی ئەم جەنگاوەرە هەیە. بەڵام ڕەحمان ئەو تۆمەتی سەگ ڕاگرتنە دەباتە سەرخۆی و ناتوانێ هیچ بەرگرییەکیش لەو بێزمانانە بکات؛ چونکە بڕیاری گوللەباران کردنەکە بەبێ دادگایی دەرچووە!! لەم ڕۆمانەدا وێڕای بێزاریی جەنگاوەران بەرامبەر وڵاتانی بلۆکی سۆسیالیزم، ڕەخنەگرتنێکی زۆریش لەسیاسەتی حیزب، بەتایبەتی تۆمەتبارکردنی بەلادان و ڕاستڕەوی دەخوێنرێتەوە. لەجێیەکدا، بە تانووتەوە بەسەددام دەڵێ: (حامل وسام الشعب الكوبي - هەڵگری میدالی گەلی کووبا!)

ڕۆمانی پشت ئاشان چۆن دەڕوانێتە کورد؟

نووسەر، هەم وەک جەنگاوەرێکی عارەبیش، ڕۆژانە لەگەڵ جووتیاردا تێکەڵی و هامشۆو ڕەوتی هەبووە، دیارە جووتیارانیش بەسەر خێڵەکاندا دابەش بوون. بۆیە زیاتر تێبینییەکانی لەسەر ئەم توێژە، یان ئەم چینەی جڤاکی کوردەوارییە. ڕەحمانی جەنگاوەر پێی وایە: ئەو جووتیارانە کەسانێکی دواکەوتوون. گاڵتەیان بەهەموو کردەوەیەکی سەربازیی دێ، ئەگەر دوای چالاکییەکە دەستکەوتێکی باشیان پیشان نەدرێ. ئەگەر هەموو تەقەمەنیی دنیامان دەستکەوت بێ بەوەنابێ تۆپێکمان(مدفع)

پێببینن. شەهید بەجێهێشتن لەبەرەی جەنگدا، کارێکی نەنگ و شانکورتیە.. قاسم جەنگاوەرێکی سمێڵ بابڕی کوردە. لەچالاکییەکەی کەرتی ڕۆستیدا بەشدارە و لەبەر ئەوەی خەڵکی دەڤەرەکەیە چاوساغیشیانە. بەلای جووتیارانەوە پیاوە نەگاڵتە. چونکە سمێڵە پڕەکەی و دەست و مەچەکی کاتێ کلکی تەور دەگرێ و داردەبڕی؛ ئەوانە لەخۆیاندا بەڵگەو نیشانەی پیاوەتین. ئەوەش لەولاوە بوەستێ، کە خاوەنی قسەی خۆیەتی. ئەو پەیمانی دابوو هەم مێردی خوشکەکەی و هەم ئەو شایەتانەیش، کە لەمەراسیمی مارەبڕینەکەی خوشکیدا ئامادبوون بکوژێ. چونکە خوشکەکەی ئەم کارە شەرم ئاوەرەی بەبێ پرسی کەس و کاری کردبوو، بێئەوەی هیچ حسابێک بۆ ئەو سمێڵە چڕەی ئەم بکا، کە لچ و لێوی داپۆشیوە. خێڵەلەی، هەموو هیوایەکیان ئەم بوو. هەردەم دنەیان دەدا و قینیان لەناخیدا دەچاند، تا ئەم کوڕە ئازایە ڕابێ و شەرەفی لەوتاویان خاوێن بکاتەوە و ئەو شەرمەزارییەیان لەسەر لابدا. بەڵام قین بەردەوام کنەی لەناخی ئەمدا دەکرد، بێئەوەی هیچی لەدەست بێت و لەداخاندا لێوی خۆی دەکرۆشت و گرێی کەمسەری و هەستی کەرامەت ڕووشان وای لێکردبوو ڕکی لە هەموو شتێکی دەورو بەری بیێتەوە. بەتێپەڕینی ڕۆژگار لاواز دەبوو. ڕوخساری تێکدەچوو. بەڕادەیەک هەرچی سیمای ئینسان هەبێ تیایدا بەدی نەدەکرا.. لەم چالاکییەشدا ئەوەندە بەتەنگەوە نییەو وەک پێویست بەدەنگ هاوڕێکانییەوە ناچێ، لەکاتێکدا ئەوان نەشارەزان و لێیان بریندارە و شەهیدێکیشیان هەیەو دەبێ هەرچی زووە لەهێسرەکەیانی بارکەن و دەستکەوتەکانیش لەگەڵ خۆیاندا بگوێزنەوە و بێدەنگ لەو دەڤەرە بکشێنەوە و بگەنەوە دێ. کاتیش شەوە و چەپەرەکانی دوژمن بەتۆقەلەی لوتکەکانەوەن، بەبان سەریانەوە و لەبەردەم ئەگەری هەموو مەترسییەکدان. بەڵام قاسم گیانی هاوکاریی تێدا نییەو ئاوا وەڵامیان دەداتەوە: (بە خودەي امن طاقەتم نيا هاوري.) دەیەوێ پێمان بڵێ: شەرەف لای کورد لەمێینەدا کۆبۆتەوە. هەموو بڕیارێکی گرنگیش، ئەوەی پەیوەندیی بەمێینەوە هەبێ بەدەستی پیاوە. هەرسەرپێچییەکی مێینەش لەفەرمانەکانی پیاو، شانکورتی بۆخودی پیاو لەدوایەو ئەو کەرامەتە ڕژاوەش تەنیا بەخوێن کۆدەکرێتەوە. مادام قاسم، کەنموونەی تاکێکی جووتیاری خێڵەکییە و کوڕە هەڵکەوتووەکەیانە و نەیتوانیوە تۆڵەی خۆی و خێڵەکەی بکاتەوە، ئیدی هەموو بەها جوان و ئینسانییەکانی دیکەش دەدۆڕێنێ!. لەلایەکی دیکەوە، سەبارەت ئافرەتی کورد، ئەم ڕۆمانە پێیوایە، کورد کچ بەشیربایی دەدەن. کچان بەدڵی خۆیان مێردناکەن و کێ زۆرتریان پارە بداتێ بەوی دەدەن. بە سەرێکی دی، حەکایەتخوان، کە خودی ڕۆماننووسە ئاوای هەڵدەسەنگێنێ؛ ( هەموومان ئەوە دەزانین، کە جووتیار پاشڤەڕۆیە، بەڵام بەجەرگی و بەخشندەیی و ساکارییەکەی کارێ دەکا ئەم ئاکارە دزێوەی بشارێتەوە و لەچوارچێوەیەکی جواندا دەربکەوێ. بەڵام ئەگەر ئەم چوارچێوەیەمان لێکردەوە، چی بۆ دەمێنێتەوە؟ مەسەلەکە ڕوون و ئاشکرایەو پێویست بەخەیاڵ ناکا. بەڵکو من دەمەوێ لەوەی تێپەڕێنم و بڵێم: ئەگەر تەنیا بە دزێوییەوە بوەستێ هەر نەیسە. ئەی ئەگەر هاتوو ترسنۆکی، جێی ئازایەتیی گرت و ڕژدی جێی بە بەرچاوتێری چۆڵکرد و خۆپەرستی هاتە جێی لەخۆبوردەیی، ئەوا

لەم دۆخەدا پاشفەڕۆیی لە ئەوپەڕی دزێویدا خۆی دەنوێنێ. ئیدی جووتیار چی بۆ دەمێنێتەوە؟ بێجگە لە پاشەرۆک، هیچی دی.. ڕاستە ناکرێ هەموو ئۆباڵی دواکەوتنەکە بخەینە ملی خودی تاک ، چونکە پاشفەڕۆیی بەرهەمی دۆخێکی دیاریکراوە. بەڵام باوەڕم نییە خۆپەرستی و ترسنۆکی بەرهەمی دۆخە دیاریکراوەکە بن.. دواجار، کەلە هاوکاریی قاسم ئومێدبڕاو دەبن، ڕەحمان پێیدەڵێ: (بڕۆ خۆت ڕزگار کە هەی ترسنۆک، باسوور بزانی، کەتۆ جووتیارێکی پاشفەڕۆی هیچ و پووچی.) بەڵام قاسم لەسەر ئەم جمێن و ناتۆرانە بەوەڵام نایەت. ڕەحمان لەناخەوە ئاوەها بیردەکاتەوە: ((تۆ بڵێی ئەم دەبەنگە بیر لەچی بکاتەوە؟ بۆچی وەڵامی ئەم هەموو زماندرێژییەم ناداتەوە؟! خۆ ئەو جووتیارە و هیچ جووتیارێ ئامادە نییە جمێنی پێبدرێ و بەترسنۆک وەسپ بکرێ. ئەم شتە پیسە بۆ وا بێدەنگە؟ تۆبڵێی هەستی پێکردبێ، کەبە وەڵامدانەوەی دەموروژێنێ؟ یان لەوانەیە لەبیری ئەوەدابێ دزیمان لێبکا. چۆن ئەمەیانم فەرامۆش کرد. نێوانی ئەمانەو خیانەت پارچەیەک چەک، یان مشتێ دینارە. لەوانەیە دەستکەوتەکان بشارێتەوە و شەڕێکمان بۆ بنێتەوە، تیایدا ئێمە ببینە قوربانی و هەر خۆی بمانکوژێ، بەئاسانیش دەتوانێ دەربازبێ. چونکە ئەو بەباشی شارەزای ناوچەکەیە. بۆ سبەینێش خۆی دەبێتە پاڵەوان و بۆیان دەگێڕێتەوە چۆن لە ڕەبییەکەمان دا. چۆن هەموومان شەهید بووین و تەنیا ئەم لەناوماندا ڕزگاری بوو، ئەویش دوای بەرگرییەکی درێژخایەن. بەڵێ ئەمەیە مەبەستی و دەبێ چاوی لێ خافڵ نەکەم..)) ئەمانە دیدو بۆچوونی ڕەحمان بوو، ئەگەرچی ئیبراهیم ئامیرکەرتیانە نەک ڕەحمان. لێ لەنێو ئەم کەرتەدا جەنگاوەرێکی دیکەی کورد هەیە (مام کاجیل) ی ناوە. ئەم پیاوە هەمان پاشخانی کۆمەڵایەتیی هەیە، وەلێ نموونەی جەنگاوەری لەخۆبووردەو دڵسۆزە. خاوەنی ئەزموونێکی دەوڵەمەندی شەڕی پارتیزانییە و لە پشت ئاشاندا هەتا دوا فیشەک دەجەنگێ و پاشان بەپێوە ڕادەوەستێ و برادوژمنەکان لەهەموو لایەکەوە دەسترێژی لێدەکەن و شەهید دەبێ.

بەپێی ئەم ڕۆمانەبێ، جووتیارەکان بێجگە لە (جاجیک)، کەلە بەرهەمەکانی شیرەمەنییە و لە پەراوێزدا بە (تراب الجبن المعتق)پێناسەی دەکا، هێچی دیکە بەپێشمەرگە ڕەوانابینن. سەر بە هەر ماڵێکدا دەکەن هەر جاجیکی نەفرەتییان لەبردەمدا دادەنێن. دووبارەبوونەوەی ئەم جاجێکە بەڕادەیەک ناخۆشی کردووە، پێشمەرگەکان قین و بێزیان لێیدەبێتەوە. لە دایەلۆگێکی ئیبراهیمی ئامیرکەرتدا هاتووە: ((تۆ بۆهەرکوێ بڕۆی بێجگەلە جاجیک هیچی دیکە ناخۆی.)) دەربارەی فێربوونی زمانی کوردی، کەبە بەراورد لەگەڵ عارەبیدا گەلێک ئاسانترە؛ کەچی سەبارەت ڕەحمانی پاڵەوانی سەرەکیی ڕومانەکە، هاتووە دەڵێ:(( دوو ساڵی ڕەبەق بەسەر هاتنی ڕەحماندا بۆ چیا تێپەڕی و بێجگە لەچەند ڕستەیەکی باو هیچی دیکە فێر نەبوو.)) ئەم دیاردەیە لەخۆیدا بەهەند نەگرتنی زمانەکەیە. ئەوان هەرچەندە لەچنگی ڕژێمێکی بەنەژاد عارەبی نەتەوە پەرست هەڵاتوون و لەباوەشی کورددا جێیان بۆتەوە، کەچی وەک پێویست ڕێزی زمانی کوردی ناگرن. لەو چیاو چۆڵەش

هەر خۆیان بەنەتەوەی باڵادەست دەزانن. لەنێو ماڵەکوردە خانەخوێکانیاندا گەرمیان دەبێتەوە و پشوو دەدەن و دەخۆن، بێئەوی قەرداریان بن. کەچی لەبریی سوپاسگوزاریی، بێمنەت بەزمانی عارەبی تەڵفیسیش بە خواردن و چایی و ئاکاریان دەکەن و باسی جوانیی کچەکەیان دەبێتە جێی دەمەتەقێیان و مژی لێدەدەن. هەموو ئەمانە و بێئەوەی خانەخوێی کورد تۆزکاڵێک لێیان حاڵی بێ. بەڵکو لێکدا لێکدا قسەیان پێدەبڕی و پێیان دەڵێ: ((یاخوا بخیر بین)). ئایە ئەم ڕەفتارەی، پێشمەرگەی پێشکەوتنخوازترین حیزبی عیراقی دەینوێنێ ئەوە ناگەیێنێ، کە ئێمە دوو نەتەوەین هیچ لەیەک حاڵی نابین؟

لەشوێنێکدا ڕەحمان ئاوا ڕاستگۆیی جووتیاران هەڵدەسەنگێنێ: (( جووتیارەکان وتیان ژمارەی دوژمنان لە بیست هەزار تێپەڕیوە. ئەمەیش مانای وایە دوو تا دووهەزار و پێنجسەد جەنگاوەرن، بەهەرحاڵ ئەمەیش ژمارەیەکی زۆر گەورەیە.)) دیارە دەیەوێ پێمان بڵێ، جووتیار دەستی زیادەڕۆییان هەیەو بە ئارەزووی خۆیان سفر بۆ ژمارەکان دادەنێن و ڕووداوەکان لەقەبارەی خۆیان گەورەتر پێشان دەدەن. کاکەشین، پێشمەرگەی لایەنێکی دیکەی هاوپەیمانە. ئەو کەسێکی سادەلەوحە.. وەک هەموو جووتیارێکی سادە چەکی هەڵگرتووە و بەزگماک دژی دەسەڵاتە. بەڵکو ڕکی لەهەموو کەسێکە، کەلە غەیری نەتەوەکەی خۆی بێ. لای ئەو هەموو عارەبێک دژی هەموو کوردێکە. (( بەداخەوە ئەمە بارودۆخەکەبوو. کە دەیدرکێنم، لەبەر ئەوەیە من لەوتنی حەقیقەتدا شەرم ناکەم.)) هەروەها کاکە شین ڕاست و ڕەوان دیخاتە دەستیان و دەڵێ: (( بۆیە ئێوەم خۆشدەوێ چونکە خۆتان عارەبن و کەچی عارەب دەکوژن!)) کاتێ بەنیازی گرتنی ڕەبییەکە لەئامانج نزیک دەبنەوە، حەکایەتخوان ئاوا باسی ئەو پێگەیە دەکا: (( ئەم شوێنە نموونەی تیرۆرە لەچیادا. لێرەوە ڕێبوارەکان دەکرێنە نیشانە و مەرگیان بەسەردا دەبەخشرێتەوە. لێرەوە ڕاکێتەکان دەدەپەڕن و لوورەلوورەکەیان پێش گڕەکەیان دەکەون و مەرگ و لەبەینچوون بۆ ئەو کەسەیە ڕووی خۆی لەنێو خۆڵدا ناشارێتەوە. لێرەوەیە باخ و بێستانەکان دەسووتێنرێن و مەڕو ماڵاتەکان دەکوژرێن و ڕەشماڵەکانیان دەتەقێنرێنەوە. هەر لێرەشەوەیە، ڕێگەکان مسۆگەر دەکرێن و زرێپۆشەکان پشتیوانی دەکرێن. بەکورتییەکەی ئەم شوێنە ڕووی عارەبی خوێنڕێژو دزێوەو کوردەکان بێجگە لەمانە هیچی دیکە نابێنن.))

دوای تێپەڕینی دوو ڕۆژ بەسەر ئەم چالاکییەدا، پیاو ماقووڵ و سەرخێڵەکانی دەوروبەر و کەسانی ناسراوی نێو حیزبەکان و جووتیارە بەساڵاچووەکان، بۆ پیرۆزبایی دێنە سەردانیان. (مام کاجیل)ی کورد، کەبۆخۆی یەکێکە لەبەشدارانی ئەم چالاکییە، بەسەری بەرزو سینگی دەرپەڕیوەوە دانیشتووە. بەر لەوەی پیرۆزباییکەران بێن، ئەم بە هاوڕێ جەنگاوەرەکانی دەڵێ: (( بوار نەدەن کەس تەڵفیسی بەتوانامان بکا. بەتایبەت نوێنەرانی حیزبەکان. پێویستە بەسەربەرزییەوە مامەڵەیان لەتەکدا بکەین. دەنا تەڵفیسییان بەقسەمان دێ و هەر کارێ ئەنجام بدەین ئەوان گاڵتەمان پێدەکەن. باهەمیشە سەربەرزترین و باڵاترین بین، نەبادا پێ لەسەر شانمان دانێن.)) لەو دانیشتنەدا، گاڵتاجارانە ئاستی

شارستانی جووتیاره کوردەکان پیشان دەدا. یەکێکیان گەمە بەو جاڵجاڵۆکەیەک دەکا، کەتازەکی لەبنمیچەکەوە بەربۆتەوە. یەکێکی دی بەچەقۆیەکی تیژ نینۆکی پەنجەکانی پێی دەکا و بەوناوەدا بڵاویاندەکاتەوە و پارچە نینۆکێ دەکەوێتە نێولەپی ئەوەی تەنیشتییەوە. یەکێکی دی بەتیژایی گوللە لوولەی تفەنگەکەی تاقیدەکاتەوە. یەکێکیان کاتێ شەربەت دەخواتەوە دەنگی فڕکردنی بەرزدەبێتەوە و لە قوڕگیدا سەدایەکی ناسازی (عوق عوق عوق) هەیە. بەرپرسی ئاشپەزخانە، کەسێکی قۆشمەیە، بەدەم پڕمەی پێکەنینەوە بۆ دەرەوە هەڵدێ و دەڵێ: ((کوڕی زۆڵە دەڵێی بۆقی قووتداوە!)) لەم ڕۆمانەوە ئەوەش دەزانین، کە جووتیار، جەنگاوەران بەحیزباکانیاندا ناناسن. بەڵکو بە مەسوول یان بە بەرپرسە سەربازییەکانیاندا دەیانناسن. (مام کاجیل)ی جەنگاوەری کۆمۆنیستی کورد ڕۆژێ لەڕۆژان وتوویەتی: (( من هەستی پێدەکەم سۆسیالیزم چییە، بەڵام لە تێورەکەی حاڵی نابم!))هەروەها مام کاجیل ڕای وایە: ((لەجەنگدا سەرکردە یەکەم کەسە پێشڕەوی دەکا و دوا کەسە دەکشێتەوە.. سەرکردە نابێتە سەرکردە ئەگەر جێگرێ لەپاش خۆی جێنەهێڵێ.)) مام کاجیل، کە دواتر دەبێتە ئامیر کەرتی ڕۆستی، بۆ پاراستنی کەرتەکەی لەتافی کشانەوەدا، کاتێ دوژمن بەهێزیکی زۆرەوە سەری لەدوو ناون، دەڵێ: ((مادام من لەپاڵ ئەم زنارەدا دانیشتووم ئەوا کەس ڕایەکی ناکەوێ لێرەوە تێپەڕێ، مەگەر بەسەر لاشەکەمدا.)) مام کاجیل هەرچییەک دەڵێ بەکردەوەیش جێبەجێی دەکا. دەکرێ مام کاجیلی بەجەستە لاوازی خاوەن ورە، کەجەنگاوەران نازناوی( پێرەمێردی ئەفسانە)یان لێناوە، بە نموونەی جەنگاوەری کورد حساب بکەین. لەم ڕۆمانەدا ئەوە دەخوێنینەوە، کە کورد ڕێز لەمرۆڤگەلی جەربەزە و ئازا، ئەوانەی بەژمارەیەکی کەمەوە دەچن بەگژی هێزێکی گەورەدا. هەروەها ئەوانەشی لەبەرزایی و ئەستەمی چیا سڵ ناکەنەوە. ئەوانەشی سەرەڕۆن و کون لەجەرگیاندا نییە، دەگرن.. پیرە جووتیارێک، کاتێ سێ پێشمەرگەی لایەنێکی دی بەمیوانی لادەدەنە ئاشیانەکەی، ئاوا ڕای خۆی دەدەبڕێ: ((... ئەوانە ئەگەرچی بەدەڤەرەکە نامۆن، نازانن جامەدانی ببەستن و سیگار بپێچنەوە و میزیش بەپێوە دەکەن، کەچی لەڕۆحی خۆیان ناترسن و دەچنەوە بەگژ حکوومەتدا و دەڵێی سەد ساڵە لێرە دەژین. کەچی ئەوانی دی هەر خەریکی جەولەن و چاوبڕکێ لەگەڵ کچاندا دەکەن. بیست ساڵە ئازووقەی منداڵەکانمان دەخۆن، کوا ئێوە چیتان کردووە؟ لەپای چی چەکتان هەڵگرتووە؟ ئەرێ باشتر نییە چەکەکانتان دابنێن و بچن یارمەتیی کەس وکارتان لە کشت وکاڵ و چێوداریدا بدەن؟)) دوای ئەم چالاکییە، حیزبەکەی دی، کە جەنگاوەرەکانی خەڵکی ناوچەکەن، هەست بەوە دەکەن، لەلایەن جووتیارانەوە بەکەم سەیر دەکرێن. چونکە ئەوان کارێکی لەم شێوەیەیان لەدەست نەهاتووە. لەشوێنێکی دیکەی ڕۆمانەکەدا هاتووە: خضر حسین، پێشمەرگەیەکی ئازای ئەم حیزبەیەو نوژدارەکانی لای خۆیان پێنازانن چ نەخۆشییەکێتی دەردەکەیان بۆ دیاری ناکرێ. جا بۆئەوەی لەژێر دەستی ئەواندا نەمرێ و بەسەریاندا ساغ نەبێتەوە، ڕەوانەی دیوی ئێرانی دەکەن. بەڵام بەرلەوەی بگاتە یەکەم شاری ئێران، هەربەسەر قاترەکەوە دەمرێ. ئەم جەنگاوەرە لەبەرئەوەی

دوژمن سڵی لێکردۆتەوەو خاوەنی کەسێتییەکی داڕێژراو و بەهێزبووە، جووتیار سوێندیان بەسەری خواردووە و لەتەنگانەدا هانایان بۆبردووە. ئەوانەش نرخییان زانیوە، کە لەگەڵیدا بەشەڕ هاتوون. لێرەشدا دەیەوێ پێمان بڵێ: جووتیار ڕێز لە پیاوی ئازا دەگرن. تەنیا پیاوی جەربەزە و زەبردەست دەتوانێ جووتیار و ڕێزی جووتیار بەلای خۆیدا بێنێ.. لەشوێنێکی دیکەدا هاتووە، گوایە ڕەحمان لەهەموو کۆڕێکدا هەڵکەوتنی شوێنی ئەم جارەی بارەگاکانی پشت ئاشان بە (بەهەشت لە کەناری دۆزەخدا)وەسپ دەکا و پێی وایە، ئەم شوێنە نوێیە پێویستیی بە جەنگاوەر هەیە، جەنگاوەری ڕاستەقینە، نەک گەڕیدە و شوانی پەزان.

ڕەحمان دەیەوێ لەگەڵ سەرکردەکاندا بکەوێتە ملانێوە و دەڵێ: (( هەست بەنائومێدی دەکەم کاتێ مەسوولێکی بێتوانا دەبینم سەرکردایەتیی کۆمەڵێک ئەندامی لەخۆی بەتواناتر دەکا.)) هەروەها ڕەحمان پێیوایە: ((شۆڕش پێویستی بەکەسانی شۆڕشگێڕ هەیە نەک تەنیا بە دەستپاک و پیاوچاک.))لە لایەکی دیکەوە باس لەوەدەکا، لەسەرکردایەتی حیزبێکی هاوپەیماندا مەڕاسیمە خێڵەکییەکان پەیڕەو دەکرێن. سکرتێری ئەو حیزبە، لەسەرو بەندی جەنگی پشت ئاشاندا، کاتێ نامەیەکی پشتیوانییان بۆدەنووسێ و پاشان ئەمانیش نامەکە دەدەنە بێتەلەکەیان تاکو بەپەلە بینێرێ، سەیردەکەن نە بێتەل و نەهێچ کام لەجەنگاوەرانیان نامەکەیان بۆناخوێنرێتەوە. بەختەتی بزماری و هیندیی دەچوێنن. دواجار بێتەلەکەیان ئاوا چار بۆ ئەم کێشەیە دەدۆزێتەوە: (( بیکە بەخاتری خاوەنی کەعبە، بۆی ببەرەوە و پێیبڵی هیچی لێ تێنەگەیشتین، با یەکێکی دیکەمان بۆبنووسێ و لەکورتی ببیڕێتەوە.)) لێرەدا دەیەوێ پێمان بڵێ: پێکهاتەی حیزبە کوردییەکان، لەسەرکردایەتییانەوە بگرە تا بەخوارەوەیان، کەسانی خێڵەکی و نەخوێندەوار، یان کۆلکە خوێندەوارن.. لەودەمەدا کە شاڵاوی برا دوژمنەکان خەریکە نزیک دەبێتەوە؛ ژمارەیەکی زۆری خێزانە جووتیارەکان ناوچەکە چۆڵدەکەن. ئەم ڕۆمانە ئەم دیاردەی چۆڵکردنە ئاوەها لێکدەداتەوە: (( زۆربەی ئەو جووتیارانە ئاژەڵ ئاسا خاوەنی غەریزەن. ئەم غەریزەیەش، ئەو سروشتە دڵڕەق و دۆخە ناهەمووارەی ساڵەهای جەنگی قڕکردن و خاشەبڕکردنی ڕەگەزەکەیان، کە لەلایەن حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانەوە دژیان بەڕێوە چووە، پێیبەخشیون. هەر لەگەڵ بۆنی مەترسییان کرد و هەستی ئەوەیان کرد مەترسی نزیک بۆتەوە، ئیدی دەکەونە قایمکاریی داوای دڵنیایی (ئەمان) بۆخێزانەکانیان. هیچ ئەمانێکیش لەکۆچ و پەنا بردنە بەر تاشەبەردەکان باشتر نییە.. هەروەکو کۆچی هەندێ لەو گوندنشینانەی، کە ڕۆژانی ئاشتی پەیوەندیی ئاشکرایان بەدژمنەوە هەبوو، باشترین بەڵگەیە، کە نەخشەی جەنگ ئامادەیە و ئەوەندەی ماوە بێتە واری جێبەجێ کردنەوە، کە بەتۆپبارانی بارەگای پشت ئاشان دەستپێکرد.)) ڕۆمانەکە ئەم دیاردە خێڵەکییەی، بەردەوام سەرکۆنەی دەکاو دەیکوتێتەوە، لەکن کەرتی (ڕزگە)ی لەمەڕ خۆیان بەپێچەوانەوە هەڵیدەسەنگێنێ: ((عەشایەرن و پێوەندیی نێوانیان بەهێزە. جەنگاوەرەکانی جووتیارن و لەگوندو شارۆچکەکانی نێوان لوتکەکانی قەندیل لەدایک بوون. خۆبەخشانە لەدەوری مەسوولەکەیان کۆبوونەتەوە. لەفەلسەفە

تێناگەن و هیچ لەشیکاریی و سیاسەت حاڵی نابن. بەڵام وەک نوێنەری هەژاران؛ یان لەبەر ئەوەی یەکێ لەئەندامانی خێڵەکەیان داوێتییە پاڵ حیزب، ئەوانیش حیزبیان خۆشدەوێ. دروشمی سەرەکییان ئازایەتی و نەبەردییە و کەسێ ئەم خەسڵەتەی تێدا نەبێ لەلای ئەوان جێی نابێتەوە.))ئەم بۆچوونە ڕێک (بانێکەو دوو هەوا)ی لەمەڕ پاپیرانمان وەبیردێنێتەوە.

کەچی ڕەحمان جارێکی دی ڕای پێچەوانەی هەیەو دەڵێ: (( پێویستە لەهیچ شتێک دڵنیا نەبین مادام دوژمن لەپێشمانەوەن و جووتیار و شوانەوێڵە، کە نایانناسین لەناوماندان.. ئەوانە لەگەڵ ئەو لایەنەدان، کە بەهێزترە و زۆرتریان پارە دەداتێ.؟ لەگەڵ ئەولایەنەدان، کە دڵڕەقترە. هەر ئەوان نەبوون، پێشتر گاڵتەیان پێدەکردین؟ ئەوەنەبوو لەبەر ئەوەی ئێمە زیاد لەپێویست مرۆڤانە لەگەڵیاندا دەجووڵاینەوە، پێمان پێکەنین؟)) هەروەها سەبارەت مامەڵە لەگەڵ جووتیاردا ڕەحمان ڕای ئاوایە: (( دەبێ کاتێ بەهێزبووین، ڕوحمیان پێبکەین. هەر کاتێکیش لەبەرامبەر دوژمناندا بێهێز بووین دەبێ لەگەڵ ئەواندا دڵڕەق بین. ئەگەر وەها نەکەین ئەوا جەماوەر لەپێش دوژمناندا دەمانخۆن.)) وەک دەبینین ئەم تێزەی ڕەحمان سەبارەت مامەڵە لەتەک جووتیاراندا، کەدەبێ پەنا وەبەر ناڕەوایەتییەکان ببەن بۆخاتری ئەوەی جەماوەر هەردەم لێیانبترسن وگوێڕایەڵیان بن، زیاتر لەتێزەکانی میکیاڤێللییەوە نزیکن نەک ئەو فەلسەفەیەی بەحساب ئەو بڕوای پێیەتی و دەبێ لەخزمەتی هەژاراندا بێ و بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی، پەنا بۆ شێوازی دروست و شیاو ببا.

دوای ئەوەی تێکدەشکێن و بەنێو زنجیرە چیای قەندیلدا بەرەو ئێران هەڵدێن، لەبەر نەشارەزایی ناچارن ڕێبەر (دەلیل) بەکرێ بگرن. دیسانەوە ڕێبەر دەبێ لەجووتیاران بێ. ئەوان شارەزای توولەڕێکانی وڵاتەکەن. بەڵام ئەم ڕێبەرە کەمفرسەتانە بێمروەتییان لەگەڵدا دەکەن و هەنگاو بەهەنگاو حسابیان لەگەڵدا دەکەن و بیانوویان پێدەگرن. بەڕادەیەک ناوە ناوە دەوەستن و پەڵپی کرێی نوێیان پێدەگرن. دیارە ئەمانی شکست خواردووی بیرەبیرەی دوژمن لەدوو، ئەو زاخ و جەوهەرەی جارانیان نەماوە و ئیدی هیچیان لەدەست نایە. ئەوان ئێستا تەنیا لەخەمی ڕزگارکردنی گیانی خۆیاندان. کەسانی ئاسایی و ڕێبواری هەڵەتەن، نەک جەنگاوەرە بەسام و شان و شەوکەتەکەی جاری جاران. لەدۆخی وەهاشدا وەک نەناس مامەڵەیان لەتەکدا دەکەن و هەموو کارێک هەقدەستی خۆی هەیە و جووتیار ئەم هەلە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دەقۆزنەوە و لێکدا لێکدا داوای کرێیان لێدەکەن. لێرەدا دیسانەوە دەیەوێ بێباری وکەمفرسەتیی جووتیارمان بۆ دووبارەبکاتەوە.

دیاردەی جاشایەتی و خۆناونووس کردن لەڕیزی دەزگە جۆراوجۆرە سەرکوتکەرەکانی ڕژێمدا برێ ڕۆشنایی لەسەرە. جاشایەتی شێرپەنجە ئاسا بە جەستەی کوردەواریدا بڵاوبۆتەوە. لەدۆخێکی وەها کەس لەکەس ناهەمواردا، تۆ ناچاری گومان لەهەموو کەسێ بکەی. لێرەدا نەهامەتییەکە لەوەدایە ئەمان هەر جاشێک بەدیل دەگرن دوای ماوەیەک لەلایەن حیزبە کوردییەکانەوە دەکەنە سەریان و داوای ئازادکردنی دەکەن بەو هەنجەتەی: (لە ڕێکخراوی نهێنیی حیزبەکەیاندا کاردەکا و لەبنەوە

لەگەڵیاندایە.))بۆیە لەسەر زاری کەسێکی ئەم ڕۆمانەدا هاتووە: (( بەهەقی شەیتان، من تەواو دڵنیام ئەگەر هەر وەزیرێ بەدیلی بکەوێتە دەستمان، ئەوا حیزبە هاوپەیمانەکانمان دێن و داوای بەردانی دەکەن بەو حسابەی لەڕێکخراوە نهێنییە پیرۆزەکانیاندا، کە لەنێو ڕیزەکانی حکوومەتدا هەیانە کاردەکا، ئایا ئەمە ماقووڵە؟! بەر نەفرەت کەون هەمووتان. تەوبە، ئیدی ئەسیر ناگرین!))دیارە جاشایەتی وەک ئافاتێکی کۆمەڵایەتی کەلەنێو کومەڵدا ڕەگاژووە، دوای ڕاپەڕینیش هیچ بۆ بنبڕکردنی نەکراوە و هیچی واشی لەسەر نەنووسراوە. دەردێکە کەس ئامادە نییە بیرلە چارەسەری بکاتەوە و هەردەم خۆی لێ مەڵاس داوین و ئامادەیە هەر کاتێ دەرفەتی بۆڕەخسا، وەک تیراوێ هەڵبداتەوە و بتەنێتەوە.

سەرچاوە: خلف الطواحین، عامر حسین، الطبعة الاولی، آذار، 1991.

*بڕوانە:هونەرمەندو شاهیدی سەردەم، محەمەد فەریق حەسەن، بەیان، ژمارە157،تەمووزی 1989.

hemefarik@yahoo.dk